# هەناسەیەك نەبوو, منی شمشاڵ بژەنیٚ

## ســـۆران عادل

کەهاتم منداڵیم گاگۆڵکێی دەکرد

دایکم تازە خەنەی بۆ سەری دەگرتەوە

باوکم زاری بەختی تاوڵەی عومری فرێدەدا

نەنکم پەساپۆرتی بەهەشتی دەبڕی

کەهاتم چارۆگەکەم پڕ بوو لە خۆشەویستی

بۆنی سملٚ و مسك و حەتۆتەم لیٚ دەهات

کە هاتم..............

..............................

هاتین بەماڵێک عاتیفەوە

ئەمێستا (شەڕانگێزترین بوونەوەرین)

هاتین و لەگەلٚ بای وەشتدا وون بووین

شەرواڵەکانمان تەپوتۆزی مێژوو ڕەنگی گۆڕی

گۆچانەکان بۆ تەمەنی ئێمە نووشتانەوەو

ئێمەش بەسەر باڵای ئەواندا

تەمەن هەنگاوی دەناو

باوکم بینیەوە بە ڕیشی سپییەوە عومری ڕەشی خۆی لە کۆلٚ نابوو

دایکم بسکی ماش و برنجی لەگەلٚ پەنجەکانی دەستی دەهۆنییەوە

هێی...

ناونیشانی ئەم سەفەرە شکاوەم

بێئومێدم وەک ئەوە میلە شەکەتانەی کاتێکیان نییە بۆ پشوو

لەیادمە کاتێک بە تۆم گووت زنجیری پانتۆڵەکەت داخە

ئەوەی خۆم کرابۆوە

**بەپێکەنینێکی قوولٚ ئاووس بووین**

**لیٚ لە تەریقیدا چمان نەگووت**

**لە ناچاریدا هەنگاومان دەنا بەسەر تەرمی ئەو شیعرانەی کە سەر دەبڕان**

**بەسەر لاشەی ئەو حەرفانەی کە لە دێڕێکدا دەپچڕان**

**نیگەرانیمان نغرۆ بوونی ئایەتێك بوو لە گەرووی قورئان خوێنێکدا**

**زمانمان سەربووردەی دوو عاشقی بۆ نەگێردرایەوە**

**وەرە خەو لەو کەروێشکانە بزرێنین کە خەو بە پێغەمبەرێکەوە دەبینن**

**کە هێشتا لە دایك نەبووە**

**بەم کلاٚشە دڕاوانەوە چۆن وەدووی ئەو پۆستالاٚنە بکەوین**

**کە قیژەیان لە زارۆکانمان هەلٚئەسان**

**چۆن بەسەر تۆزی نیشتمان بکەوین**

**کە جەستەیەکی برین و**

**دلٚێکی خوێناوی و**

**ڕووحێکی سپی لیٚ بەجێما**

**بۆنی بارووت مێشکی کاس کردین**

**تا هەنووکەش مندالاٚنمان بە پاشماوەکانی تۆ گەمە دەکەن**

**ئەی جەنگ**

**تا هەنووکەش قەوانەکانی تۆیە**

**گولٚەکانی منی تیا ئەڕویٚ**

**سوعبەتەکانی تۆ بوو**

**ڕاستییەکانی منی کوشت**

**جوێنەکانی تۆ بوو**

**ماچەکانی منی پەژمووردە کرد**

**من و هاوڕێکانم پیر بووین**

بەدەم پێچانەوەی سیغارەکانی خۆشنوودییەوە
زمانمان لە گووتن کەوت هێندە حکایەتەکانی عەشق بخوێنین
هەن لەگەڵ ژیاندا پێکەنین
دەممان لە-با- سپیبۆوە
پەنجاکانمان هەڵوەری بەدیار ژەنینی سەنتوورەکانەوە
کوڕەکانی نیشتمانیش پەنجەکانیان لەگەڵ تەوقە کردنێکدا هەڵئەوەراند

هاتم وەکو چرایەک دەرکەوم
تا چاوەکانی نیشتمان تۆزێ لە نووری پاکیم هەڵگرێ
هاتم بەرماڵێک بخەمە ناو مەرقەدەکەی حەزرەتی ( مەحوی )یەوە
ئاوێنەیەک لە بەردەم (حەبیبە)کەی (نالی) دانێم
ڕێگە بە گووڵەباخ بدەم بە بزەوە سلاّو لە کازیوە بکات
خۆزگە نەدەهاتم
کاشکی ئەم سەفەرەم نەدەکرد